# بەرلەوەی دوایین بەڵێنم لێ وەربگرێت، کوژرا!!!

## چیرۆکە هەواڵ...

**کەیوان سەعید - لەزاری کچێکی خەڵکی دەڤەری هەڵەبجەوە دەیگێڕێتەوە**
Kaiwan9@yahoo.com



کاتێک لە خوێندنگە هاتینە دەرەوە، سەرگەرمی سەیر کردنی پرسیارەکان بووین، زۆر لە هاوپۆلەکانم وەڵامی پرسیاری سێهەمیان بە باشی نەدابۆوە، تەنها من نەبێت، هەر لەبەر ئەوە بوو کە تاو نا تاوێک دەمگووت: (من دەبمە خاوەنی بەرزترین نمرەی پۆل)، هەروا لەو قسانەدا بووین، چنور چرپنوکێکی لەدەستم گرت و ئاماژەی بەلای راستی ڕێگاکە دا، کاتێک روانیم دیسانەوە سامان، ئاخ خوایە دەبێ ئەو کوڕە کەی تێ بگات؟ بەدەست ئیشارەتێکی بۆ کردم و چوومە لای و گووتی:-

- شەو کاتژمێر دە تۆزی ئیشم پێتە، من دێمە ماڵی ئێوە کاتێ هەستام هاتمە دەرەوە بەدوامدا وەرە، خێرا گووتم:-

- گەر ئیشی شەوانی ترە نایەم چونکە من دوایین قسەی خۆمم لەگەڵ کردووی کە ناتوانم، قسەکەمی پێ بڕیم و گوتی تەنها ئەمشەو چونکە بە دڵنیاییەوە ئەمە دوایین داواکاریم دەبێت. بێ ئەوەی وەڵام وەربگرێت ڕۆیشت، دیسان هاتمەوە لای هاوڕێکانم، ئەوان هەموویان دەیانزانی سامان بە چ نیازێک قسە لەگەڵ مندا دەکات، بۆیە لەگەڵ گەڕانەوەم چنور گووتی:-

- چیە هەر وا دیارە نایەوێ واز بهێنێ؟ ساراش بەزمانەی پڕتەنزەکەی گووتی:-

- کاکم تازە عاشق بوە چۆن وا بە ئاسانی واز دەهێنێت. بە قسەکەی سارا هەمووومان پێکەنین و کەوتینەوە رێ، لە نزیک ماڵەوە من لێیان جیا بوومەوە و چوومەوە ماڵەوە، دوای نانخواردن هەندێک لە کارەکانی ناو ماڵم کرد و خەوتم، کاتێ بە ئاگا هاتمەوە عەسرێکی درەنگ بوو، لەگەڵ دایکمدا کەوتینە حازر کردنی نانی ئێوارە، دوای نانخواردنیش کتێبەکانم دەرهێنا تا تۆزی بە وانەکانمدا بچمەوە، زۆری نەبرد سامان پەیدابوو، هات دانیشت و لەگەڵ باوکم و کاکەمدا کەوتنە

قسە کردن، کاتژمێر لە دە نزیک ببۆوە، سەیرێکی منی کرد و گوتی من دەمەوێت بڕۆم، زۆر داوایان لێ کرد کە شەو لەوێ بێت بەڵام رازی نەبوو، لەبەر ئەوەی بەیانی دەچۆوە بۆ دەوام، هەستا و رۆیشت، بە چەند خولەکێک دوای ئەوە منیش بە دواییدا چووم، کە چوومە بەردەرگا چاوەڕێی دەکردم، بە دەنگێکی زۆر نزم بانگی کردم، منیش چوومە لایەوە و دەستی پێ کرد:-

- من پێنج جار داوای ئەوەم لێ کردووی کە زەماوەند بکەین، بەڵام تۆ یەکجاریش رازی نەبووی، خۆ من دەزانم دڵت بە کاروانەوەیە، دڵنیاشبە دەتوانم بە مامم و فەرەیدوون بڵێم، بەڵام هێندە خۆشەویستیم بۆت هەیە تەنانەت کاروانیشم خۆش دەوێ، مادام تۆ خۆشت دەوێ، من بەیانی دەچمە شەڕ، ئەمشەو تەنها یەک داوام هەیە، یەکجار بڵێ خۆشم دەوێی، چونکە رەنگە لەم شەڕەدا بکوژرێم، هەر لەبەرئەوەیە پێش ئەوەی بمرم، دەمەوێت گەر بەدرۆش بێت وەڵامێک بۆ ئەو دڵە شێتەم وەربگرم.

چ حەزێکی سەیری هەبوو، نەمدەزانی چی بڵێم، کەمێک بە پێکەنینەوە تێی رامام و گووتم:-

- ببورە، ناتوانم. کاتێ ئەوەی لێم بیست زۆری قسە کرد، تا گەیشتە رادەی بەزەیی پێدا هاتنەوە، بۆیە لە دواجاردا گووتم:-

- باشە تۆ ئەمجارە برۆ تا دێیتەوە خوا گەورەیە. هەرچەندە ئەو زۆر سوور لەسەر ئەوەی کە ئەمجارە بێت، بەڵام من هەر رازی نەبووم، هەر لەو کاتەدا بوو گوێمان لە دەنگی باوکم بوو، ئەو بە پەلە رۆیشت و منیش هاتمە ژوورەوە، زۆر گوێم نەدا بە قسەکانی بە رۆیشتنی ئەو زوو بیرم چۆوە، دەستم کردەوە بە پێدا چوونەوەی وانەکانم، تا تەواو هیلاک بووم دواتر خەوتم، بەیانی کاتێ لە خوێندنگە هاتمەوە لە باوکم بیست کە سامان رۆیشتۆتەوە بۆ شەڕ و ئەو هێزەی سامانیان لەگەڵدایە چونەتە کەپکی حەمەداغا، دیسانەوە بێ ئەوەی گرینگنی پێ بدەم سەرگەرمی ژیانی خۆم بووم و رۆژانە زیاتر لەبیری خوێندن و کاروان دا بووم، هەوڵم دەدا هەرچۆنێک بێ نمرەم لە هاوڕێکانم بەرز تر بێت و گەر کاروانیشم ببینیایە، جگە لە سڵاو زۆرجار نامەشمان دەگۆڕییەوە.

تا رۆژێکیان کاتێ گەڕامە ماڵەوە کەسمان لەماڵ نەبوو، گوێم لێ بوو پورە رەعنای دراوسێمان بانگی دەکردم، منیش چووم بەدەم بانگەکەیەوە، دوای بەخێر هێنانەوەم پێی گووتم:-

- دەڵێن سامانی مامت بریندارە، باوکت ئەوان چوون بۆ ئەوێ. بە بیستنی ئەوە بێ ئەوەی خۆم بگۆڕم بەرەو ماڵی مامم کەوتمە رێ، کاتێ گەیشتم بینیم هەموویان دەیان کێشا بە خۆیاندا و دەگریان، هەر لەوێ هەستێکی سارد بە هەموو لەشمدا تێپەڕی، چونکە بۆم دەرکەوت کە سامان کوژراوە، سەرەتا تاسام، بەڵام هەر هێندەی چوومە ژوورەوە و گوێم لە گریان و لاوادنەوەی دایکی بوو، بە شێوەیەک کوڵی گریانم هەستا و گریام کە دەتگووت بە هەموو تەمەنم یەکەمجارە بگریم، ئیدی لەو کاتەوە ژیانم تەواو تێکچوو، هەموو شەوێک چەند جارێک سامانم لەخەودا دەبینی بانگی دەکردم، زۆرجار داوای ئەو لێ دەکردم کە بەڵێنم پێ دابوو، هەر کاتێک بە ئاگا دەهاتمەوە شەهادەی ئیمانم دێنا، بەڵام هەر هێندەی چاوم دەچۆوە خەو، دیسان دەهاتەوە بۆ لام، ئای چەندە بەو خەوانە ئازارم دەچەشت، وام هەست دەکرد ئەمجارەیان بیەوێت رۆحی ئاوێزانی رۆحم بکات، چەندین شەو تا بەیانی دادەنیشتم بەڵام بەیانی کاتێ دەمەویست سەرەخەوێک بشکێنم دیسانەوە دەهاتەوە، تا نزیکەی مانگێک خەوەکانم بەو شێوەیە بوو، بەڵام دوای مانگێک کەمێک باشتر بووم، بەڵام جگە لە جەستەیەکی ساردوسڕ چیدی نەمابوومەوە، هەمیشە بیرم لە دوا نیگاکانی ئەو دەکردەوە، بیرم لە دوا داواکارییەکەی دەکردەوە، بیرم لە هەموو ئەو کاتانە دەکردەوە کە دەیویست شتێک بڵێ و رێگەم پێ نەدەدا، تەواوی ژیانم ببووە بیرکردنەوە لە سامان.

تاماوەیەکی زۆر نەچوومەوە بۆ خوێندنگە، کاتێکیش چوومەوە هاوپۆلەکانم وانەیان زۆر خوێندبوو، زانیم فریایان ناکەوم، بۆیە وازم لە خوێندن هێنا، لەگەڵ ئەوەشدا تەواو لەگەڵ کاروان سارد بووم، تا دواتر هەموو پەیوەندییەکانم لەگەڵ کارواندا کۆتایی پێ هێنا، وام هەست دەکرد بە تێپەڕینی کات سامان لە بیر بکەم، بەڵام ئێستا لەکاتێکدایە کە من زانکۆم تەواو کردووە و نزیکەی یانزە ساڵە بەسەر ئەو رووداوەدا تێپەڕیوە، کەچی هەر نەمتوانیوە لەبیری بکەم و هەمیشە لەگەڵ ئەو کاتانەدا دەژیم کە دەیەویست قسەیەک بکات و گوێم بۆ ڕانەدەگرت، هەر بیرکردنەوەیەکیش بەو ئازارم دەدا، بەڵام ناشتوانم بیری لێ نەکەمەوە، هەر ئەوەشە وای لێ کردووم کە هیچ کوڕێکم خۆش نەوێ و بیر لە پرۆسەی هاوسەرگیریی نەکەمەوە.